**Bakhtiary Neighbourhood,**
**Section 113, Street 7, House 8,**
**Sulaimani, Iraq.**
**www.kirkuknow.com**
**Email: news@kirkuknow.com**
**Phone: +964 (0) 53 3192047**

KIRKUKNOW

**دەقی بڕیارنامەی پەرلەمانی ئەوروپا کە (کەرکوك ناو) لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی:**

پەرلەمانی ئەوروپا

**2029_2024**

دەقە پەسەندکراوەکان

**P10_TA (2024)0020**

عیراق، تایبەت بە بارودۆخی مافی ژنان و دوا پێشنیاز بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی

بڕیارنامەی پەرلەمانی ئەوروپا لە **10**ی تشرینی یەکەمی **2024** سەبارەت بە عیراق و بەتایبەتی دۆخی

مافی ژنان و پێشنیاری ئەم دواییە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتیی

**(2024/2858(RSP))**

پەرلەمانی ئەوروپا،

-بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکانی پێشووی سەبارەت بە عیراق،

-بە لەبەرچاوگرتنی پەیڕەوی **5/150** و **4/136**ی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی،

أ. لەکاتێکدا پەرلەمانی عیراق سەرقاڵی داڕشتنی هەموارێکی زۆر بەرتەسکە بۆ یاسای **1959/188** (یاسای باری کەسێتی)، کە کاریگەری لەسەر مافەکانی ژنان هەیە؛ لە کاتێکدا کە بابەتە خێزانییەکان، لەوانەش هاوسەرگیری، جیابوونەوە و سەرپەرشتیکردنی منداڵ، بە شێوەیەکی کاریگەر دەچێتە ژێر دەسەڵاتی دادگا ئاینییەکان نەك دادگا مەدەنییەکان، کە بابەتی دژبەیەك لەخۆدەگرێت وکێشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەسەر بنەمای ئایینی، بەپێی شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ لە کاتێکدا بۆ هەندێك کەس، کەمترین تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری **9** ساڵ دەبێت بۆ کچان و **15** ساڵ بۆ کوڕان، وە ترس هەیە لە زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە داهاتوودا؛ لە کاتێکدا **22**٪ی هاوسەرگیرییە تۆمارنەکراوەکان کچانی خوار تەمەنی **14** ساڵانن؛

لەکاتێکدا ڕەشنووسی هەموارکردنەوەکان ئەگەری لاوازترکردنی منداڵانی کچ زیاتر دەکات، بە تایبەت منداڵانی بێ باوك و منداڵانی خێزانە کەم داهاتەکان، و مەترسی بوونیان بە قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئیستغلالکردن لەلایەن سەرپەرشتیاران و/یان کەسوکارەکانیانەوە زیاد دەکات؛ لە کاتێکدا دادگای باڵا پێش خوێندنەوەی سێیەم کە لە **2**ی تشرینی یەکەمی **2024** دواخرا، دەستووریی بوونی هەموارکردنەکەی پشتڕاستکردەوە سەرەڕای ئەوەی کێشەبەدوایخۆیاندا دەهێنن؛ لە کاتێکدا پێگەی مافی ژنان لە عیراقدا پێشتر ڕەخنەی توندی لێکەوتووەتەوە؛

ب. لە کاتێکدا نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق (یونیتاد) کە بەدواداچوون بۆ تاوانە سێکسییەکانی داعش دژی ژنان و بەتایبەت ژنانی ئێزیدی دەکرد، ناچار بوو لە 17ی ئەیلولی 2024 کۆتای بە ئەرکەکانی بێنێت، دوای بڕیارێکی ساڵی ڕابردوو، بە پاڵپشتی ڕووسیا و چین، بۆ وەستاندنی ئەرکەکەی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ لە کاتێکدا نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق (یونامی) لە ساڵی 2025دا دەرگاکانی خۆی دادەخات؛

ج. لەکاتێکدا خەڵاتی ساخارۆڤ بۆ ئازادی ڕادەربڕین بۆ ساڵی 2016 بەخشرایە نادیە موراد و لەمیا حاجی بەشار، دوو ژنە ئێزیدی عیراقی، لەپای خەباتیان دژی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ؛

د. لە کاتێکدا لە مادەی 14ی دەستووری عیراقدا هاتووە کە "عیراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز"؛

هـ. لە کاتێکدا 73٪ی بەشداربووانی ڕووپێویەك لەلایەن تیمی ڕاپرسیی عیراقییەوە "دژایەتییەکی توند"یان دەربڕیوە بەرامبەر بەو گۆڕانکاریانەی یاسای 1959/188؛

1. هانی پەرلەمانی عیراق دەدات ئەو هەموارکردنە پێشنیار کراوانەی بۆ یاسای 1959/188 (یاسای باری کەسێتی) کراون بە تەواوی و دەستبەجێ ڕەتبکاتەوە؛ ئەوە بەوپەڕی نیگەرانییەوە پشتڕاستیدەکاتەوە کە ئەم هەموارکردنانە پێشێلکردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی عیراق دەبن لەمەڕ مافە سەرەتاییەکانی ژنان، کە دەبێتە هۆی پاشەکشەیەکی بەرچاو، ناوبانگێکی نێودەوڵەتی نەرێنی تر و ڕاگرتنی هەندێك یارمەتی بیانی لەلایەن ڕێکخراوە فرەلایەنەکانەوە.

2. ستایشی ئەو ژنانە دەکات، بە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشەوە، کەئەو ریفۆرمەیان ئیدانەکردوە، و ڕێکخراوە ناحکومییەکانNGO ، چالاکوانان و ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە 1959ەوە خەباتیان کردووە بۆ پاراستنی یەکێك لە پێشکەوتنخوازترین یاساکانی ناوچەکە؛

3. داوا لە جێگری سەرۆك/نوێنەری باڵا و وڵاتانی ئەندام دەکات کە هەموارکردنە پێشنیازکراوەکان ئیدانە بکەن؛ داوا لە وەفدی یەکێتیی ئەورووپا بۆ عیراق دەکات یارمەتییەکانی گەشەپێدان بە مەشقی دادوەری سەبارەت بە توندوتیژی سێکسی و جێندەری و دامەزراندنی پەناگە (شێڵتەر)ی ژنان مەرجدار بکات؛ داوا لە عیراق دەکات پلانێکی کرداری نیشتمانی بگرێتەئەستۆ بۆ نەهێشتنی هاوسەرگیریی منداڵان و بە تاوان ناساندنی دەستدرێژیی خێزانی و بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانی و پێشخستنی مافەکانی ژنان و کچان، هاوتەریب لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لە دژی ژنان; داوای بەهێزکردنی هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانی عیراق دەکات، هاوتەریب لەگەڵ پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی عیراق؛

4. وەبیری دەهێنێتەوە کە یاسای ئێستای باری کەسێتی داوا دەکات ئەو منداڵانەی کە یەکێك لە دایك یان باوکیان بوونەتە موسڵمان ئەوانیش ببنە موسڵمان؛ ئەمەش بەداخەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە هەموارکردنی پێشنیازکراوی یاساکە، ئەگەر پەسەند بکرێت، دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی رادیکاڵتری شەریعەی ئیسلامی؛ جێگای سەرنجە کە ئەم بڕگە نوێیانە ڕۆڵی دەوڵەتی عیراقیش بچووکتردەکەنەوە و کاریگەرییان لەسەر کەمینەکانی ئەو وڵاتە دەبێت. پەرلەمانی ئەوروپا نیگەرانی قووڵی خۆی دەردەبڕێت لە دەرئەنجامەکانی ئەم هەموارکردنانە لەسەر پێکهاتەی مەسیحییەکان لە عیراق؛

5. داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات پشتگیری زیاتری داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان و منداڵان لە عیراق بکەن؛

6. نیگەرانی قووڵی خۆی لە نەبوونی پاراستنی یاسایی لە یاسای سزادان بۆ ژنان و منداڵانی قوربانی توندوتیژی خێزانی دەردەبڕێت و داوای باشترکردنی دەکات؛

**7.** داوا لە سەرۆکەکەی دەکات ئەم بڕیارنامەیە وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی عیراق و جێگری سەرۆک/نوێنەری باڵا و وڵاتانی ئەندام بکات.